# ئەگەری لێدانی عێراقو لابردنی سەددام!

حەسەن سەید باقی

گەر بەوردیو زانستیانە تێ روانینی واقعیمان هەبێت لەسەر سیاسەتو کارەکانی ئەمریکا، گومانەکان کالتر دەبنەوە لەئاست بیرکردنەوە لەلێدانی عێراق، گەشەکردنی جموجۆڵی سەربازی لەناوچەکەدا، پاش کارەساتی 11ی سبتەمبەرو بەرزکردنەوەی دروشمی قەلاچۆکردنی تیرۆر لەجیهاندا، لەکاتێکدا خودی ئەمریکاو سیاسەتەکەی پاڵپشتو پتەوکردنی تیرۆر بووە لەجیهاندا. هەروەك ئەوەی کە دیمان چۆن هاریکاری اسامە بن لادنی کردو کردیە هێزێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەتی جارانو بزوتنەوەی دیموکراتی، تا پێگەی پتەوتر بێت لەناوچەکەداو بەکاری بهێنێت لەکاتی شەڕی ساردا، هەروەها یارمەتی (حماس)یدا بۆ دەست خستنە کاروباری فەلەستنییەکان، تا بێتە رێگرێك لەبەردەم بزوتنەوەی ڕزگاری بەخشدا.

ئەمڕۆکەش لەهەموو کات زیاتر بۆشی کوڕ جەخت لەڕمانو لابردنی سەددام دەکات، دەکرێت بپرسین بۆ لەم کاتەدا؟ بۆچی بەناوی دژایەتی کردنی تیرۆرە، لەکاتێکدا گەورەترین یارمەتی دەربوو بۆ نیزامی فاشی لەجەنگی کەنداودا. بۆ ئەم مەبەستەو پلانە نوێیەکانی گەشتەکەی دەستپێکرد لەئەوروپادا، بۆ دابینکردنی پشتگیریو هاوکاری کردن لەکاتی هێرشو لێداندا، تارەوایی بەبڕیارەکانی بداتو گورزێکی کوشندە بوەشێنێ، نەك لەنیزامی عێراقی بەڵکە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، تا جێ پێی خۆی توندوتۆڵتر بکات لەم ناوچەیەدا، پاش دوو جەمسەریو جەنگی سارد، هەروەك ئەو پروپاگەندەو هەولانەی کەدای بۆ لێدانی ئەفغانستان پاش ڕووداوی 11ی سبتەمبەر، وە بەئاسانی سیاسەتو پلانی جێگیر بوو بۆ دەست بەسەراگرتنی بۆرییە نەوتەکانی کازاخستانو سنوربەندییەك لەسنوری چین تا لەداهاتوودا لەرێگەی بەرنامەی تایبەتەوە پلانەکانی تری جێبەجێ بکات.

بەلام بەلێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەیەکی وشیارەوە، سەیری ڕووداوەکانو بەرئەنجامەکەی بکەین باروزروفی عێراق زۆر جیاوازە لەگەڵ باروزروفی ئەفغانستانو دنیا، هەروەها کەشو هەوای ئەم دەمە زۆر جیاوازترە لەوەی کە لە جەنگی کەنداودا دیمان، چ لەبارەی تأییدو هاوکاری گەلو حکومەتەکانی ناوچەو هەرێمیو جیهانییەکانەوە بێت، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ جەنگو لێدانی خەڵكو جەماوەری عێراقدا نین، لەکاتێکدا ئەمە بۆ تێکشکاندنی بنکەی ئابووری عێراقە تا لە داهاتوودا باشتر نوێ بکرێتەوە. لەم حالەتەشدا بۆشو هاوکارەکانی، بۆ پەردەپۆش کردنی ڕووداوی 11ی سبتەمبەر لەسەرەتاوە پەلاماری خانووە قوڕینەکانی ئەفغانی داو، کاولکاریو کوشتو بڕێکی زۆری لەو ناوچەیەدا کرد، لەکاتێکدا اسامەو هاوکارەکانی تاوەکو ئێستاش لەژیاندانو هیچ زیانێکیان پێ نەگەیووە، عێراقش بۆ چەندین جار هێرشی ئاسمانیو ڕۆکێت باران کراوەو سەدام هەر سەدامە، جا بۆ ئەمە دەکرێت بلێین گومانەکان لەوانەیە ئەمجار لەمانگی ئۆگوستەوە شێوازێکی تر بگرێتە خۆ، لابردنی سەددام کە ئاوای هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازو دیموکراتخوازە بۆ دابنیکردنی ژیانێکی نوێ لەعێراقدا، سەرەتای دەست پێکردنی هێرشی ئەمریکی بێت، پێ دەچێت ئەرکەکانی سەددام ڕوو لە تەواوبوون بێتو شانۆی سیاسی سیمایەکی تر بەخۆە بگرێتو دیاری بۆشو حیزبەکەی بێت بۆ 11ی سبتەمبەری ئەمساڵ، لەم حالەشدا خراپ نابێت کتوپڕ سەددام لەنێو بچێت.

بەلام بەرپاکردنی جەنگێکی درێژخایەن لەناوچەکەدا، بەزیان دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی ناوچەکە، تەنها کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی چەك سوودمەندن و خواستەکانیان لەهەلگیرساندنی جەنگدایە، دەیانەوێت ئەو جەنگە بەردەوام بێت.

نیزامی فاشی عێراقیش سەرباری ئەوەی دژی گەلی عێراقە، بەلام وێران کاریو ئەنفالو ڕەشەکوژی کردووە دژ بەگەلی ستەم دیدەی کورد لەکوردستاندا. لەم حالەتەشدا گەل بەگشتی لەگەڵ لابردنو ڕمانی نیزامدان.



www.kurdistannet.org

ئەمەش ئەركی یەكەمی جەماوەری عێراقو ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەیە. گەر لەم بۆچوونەوە سەیری سەردانەكانی بۆشو نوێنەرەكانی بكەین، كە بە ئەڵمانیا دەستی پێكرد، ئەوەمان لا ئاشكرا دەبێت، ترسو لەرزو دوو دڵییەك لای بۆشو نیزامەكەی دروست بووە، ئەو سیاسەتو پلانەی كە هەیەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەندەڵییەكەیو شەڕخوازییەكەی ئاشكرا دەبێت. لەكاتێكدا ئەڵمانەكان بەحزبو گەلەوە دژ بوون بەشەڕو پشتگیریان لەشەڕ نەكرد، چونكە ئەمان زێتر لەشەڕو ئاكامەكانی ئاگادارترن. بۆ ئەم مەبەستە كاتێك بۆش بۆ ئەڵمانیا كەوتە ڕێ كاتی گەشتنی گۆڕا، وە هێزێكی تایبەتی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو بۆ پاسەوانی، ئەو ناوچەی كە ئوتێلەكەشی لێ بوو كۆنترۆڵ كرا، تا ڕادەی ئەوەی ئەو ئاوەی بەوێدا ڕەت دەبوو كۆنترۆڵ كرا، زێرابەكان گیران، هێزی دژە شەڕو چەپەكانیش بەچەند كیلۆمەترێك قەدەغە بوون نزیكی ئەو ناوچەیە بنەوە. هەروەها لەنێو باڵەخانەی پەرلەمانیشدا بۆش ڕووبەڕووی دروشمی (شەڕمان ناوێت، شەڕمان بۆ مەهێنە) بووەوە، بەتایبەت لەلایەن حزبەكەی گیزی (PDS) كە هەڵوێستێكی واقعییە دژ بەشەڕ، نەك بەرگری كردن لەسەددام.

لێرەدا دەكرێت ئێمەش بڵێین نا بۆ شەڕی چاوەڕوان كراو، بەڵێ بۆ ڕمانی سەدامو دامو دەزگا سیخوڕیەكەی، بۆ بەرقەراربوونی نیزامێكی دیموكراتی پێشكەوتنخواز، كە دابینكەری مافە مرۆییەكان بێت، مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی كورد دەستەبەر بكرێت، چ لە فیدرالیەتدا بێت وەك ئەوەی دەخوازرێت، یان دەنگ دانێكی گشتی بكرێت بۆ جیابوونەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ گەلی كورد، لەئەنجامی ئەو هێزەی كە دێتە ناوچەكە خەتەری شەڕێكی كاول كار دەكرێت دژ بە ئێرانو سوریا. . تاد، لەدواتردا لەمە دەدوێین.

ئەگەرەكانی لێدانی عێراقیش لەچەند خاڵێكدا دەبینرێتەوە وەك:

1–كودەتای سەربازی.

2–هێرشی ئۆپۆزیسیۆن بەهاوكاری ئەمریكا.

3–داگیركردنی بەهێزی سەربازی ئەمریكی.

ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامانەو نزیكە لەواقعەوە هێرشو داگیركردنی سەربازییە، بەهێزێكی گەورە كە 200 تا 250 هەزار سەرباز دەگرێتەوە بۆ كۆنترۆڵكردنی بارو زروفەكەو پاراستنی دەستكەوتو بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لەناوچەكەدا.

لەحاڵی یەەمدا بەهۆی چەند جار دووبارە بوونەوەو پوچەڵكردنەوەی هەر كودەتایەكی سەربازی بەهاوكاری دەزگا سخوڕییەكانی ئەمریاو دۆستە دێرینەكانی ڕژێم، لەتوانا بەدەرو كارێكی گرانە، هەروەها هێزە سەربازییەكان بەرژەوەندییان یەك نییە لەبواری سیاسیو ئاینیو كۆمەڵایەتیەوە. لەم حاڵەتەشدا بەرژوەندی ئەمریكا دەكەوێتە خەتەرەوە.

لەباری دووەمدا دەكرێت چەند لایەنێك هەیە ڕوون بكرێتەوە، چونكە عێراق ئەفغانستان نییە، چ لەبارەی پێكهاتەی ئابووریو كۆمەڵایەتییەوە بێت، یا لەبارەی سیاسیو ئۆپۆزیسیۆنەوە. ئەوەی لەئەفغانستان بوو، حزبو دەوڵەت سەپێنراو بوو بەسەر واقعیەتی كۆمەڵگای ئەفغانییەوە. ئەفغانستان وڵاتێكی دواكەوتووی زێتر عەشائیرییە، حزبی حوكمڕان نامۆبوو بەو واقعەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی. بەڵام لێرەدا شێوازێكی ترە، پەیوەندی ئۆپۆزیسیۆن لاوازەو لەئاست ئامادە باشیدا نییە، و یەكگرتوو نین لەسەر دروشمەكانو ئامانجەكان، پەیوەندییان بەحكومەتو دەوڵەتانی ناوچەو هەرێمەكەوەیە.

ئێمەش وەك كورد لەم نێوەندەدا لەكوردستان پاش ئەو ئەزموونەی دەستەبەر بووە، گەلێ پرسیار لامان گەڵاڵە ئەبێت لەسەر ئەگەری لێدان.

دەكرێت بپرسین چ بەرژەوەندییەك هەیە لەكاتی لێدانی عێراقدا بۆ گەلی كورد؟ ئایا كورد تووشی ڕەنجەڕۆییو دەربەدەرییەكی تر نابێتەوە، و ئەو ئەزموونەی 11 ساڵە بەدەست هێنراوە چۆن دەپارێزرێت؟ ئایا لەپریشكی شەڕو هێرش دەوڵەتەكانی ناوچە (توركیا) كوردستان دەپارێزرێت؟ ئەمەو گەلێ پرسیاری تریش.



www.kurdistannet.org

ماوەیەك لەمەوپێش (پ. د. ك) پرۆژەیەكی وەك پێشنیار بۆ داهاتووی كوردو كوردستان پێشكەش كردووە، دەكرێت بڵێین بۆ ئەم قۆناغە بەهەر كەمو كورتییەكەوە ئایندەیەكی باشو پۆزەتیڤە، لەم قۆناغەو لەكاتی لێداندوا ئایندەی عێراقدا، بتوانرێت مافە نەتەوایەتییەكانمان بپارێزین، بەڵام سەیر لەوەدایە زۆر كورد، چاكترە بڵێین خۆ بەكوردزانی عەیار 24 لەشاشەی تەلەفزیۆنەكانەوە، لێدوانو توێژینەوەیان هەیە لەسەر ئایندەو باورزورڤ كوردستانو عێراق، و ئەگەرەكانی لێدانو پاشە ڕۆژی كورد، هەر كەسەش بەگەرزی خۆی جاو دەكات.

لەم شەوانەدا مێزگردێك بوو لەشاشەی مید TV بۆ بەڕێزان (حەمە شوانو د. برهان یاسینو كەمال شوان) وەك هەر مێزگردێك كە لێدوان دەكرێت شتێكی ئاساییە. بەڵام ئەوەی لەم مێزگردە لای من ئاسایی نەبوو، لێدوانەكانی برهان یاسینو كەمال بوو.

هەر كەسێك كەمێك لەسیاسەت ئاگاداربێتو دوور نەبێت لەواقعی كوردستان، لەدەوری دەوڵەتەكانی ناوچەو هەرێمەكان ئاگادار دەبێتەوە، و دەزانێتو گومانی نامێنێ كە دەوڵەتی توركو دەوڵەتەكانی تر چاویان بەو ئەزموونەو واقعی كوردستاندا هەڵنایەت، هەرگیز لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردیدا نین!! بۆ نموونە كاتێك بەڕێز بارزانی بڕیاری هەڵكردنی ئاڵای كوردستانی دەركرد لەپەرلەمان، توركەكان كەوتنە جموجۆڵ و ناڕەزاییان دەربڕی ئەو كات (ئەربەكان) داوای دانیشتنی پەرلەمانیان كرد، تا قسەو باسیان لەسەر خەتەری ئەو بڕیارەو ئەزموونی كوردستان بكەن، وە شەكانەوەی ئاڵای كوردستانیان بەخەتەری جدی هاتە پێش چاو، ئەو مافە بەكورد ڕەوا نابینن خاوەند كیانی سەربەخۆی خۆی بێت، بەبیرم بێت ئەو دەمە بارزانی هەڵوێستی خۆی دەربڕی لەوبارەوە (ئاماژەی بە لەدایكبوونی خۆیدا لەژێر پەرچەمی ئەو ئاڵایەدا لەمەهاباد، وە تەرخانكردنی خەباتی بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو ئاڵایەو مردن لەپێناویدا)، ئەمە وەڵامە بۆ زۆر نارۆشنفكرو بیر شێواوی گەلیَ كورد زیان.

ئەجاوید لەسەردانەكەیدا بۆ ئەمریكا، ئاماژەی بەوەكرد كە ئامادەیە بۆ یارمەتی دانی ئۆپۆزیسیۆنو ئەمریكا بۆ ڕوخاندنی رژێمی عێراقی، بەمەرجیَ كە دەوڵەتی كوردی دانەمەزرێت، كەركوكو موصل لەئاستێكدا بێت بەرژەوەندییەكانی توركی تیدا پارێزراوبێت، دیسان ئەو هێزە سوپایەی كاتی خۆی قبرصی داگیركرد، ئەمڕۆكە لەحاڵەتی ئامادە باشیدایە لەكوردستانی باكوردا، بەڵام د. برهان بەناڕاستەوخۆ پارێزگاری لەبەرژەوەندی تورك دەكاتو دەڵێت: (توركیا نایەوێت ئەو واقعە تاڵە دووبارە بكاتەوە كە لە قبرص ڕوویداو حكومەتێكی دروست كرد كە هەر خۆی دانی پێدا ناوە) ئەم برادەرە بەم شێوەیە بەرگری لەنیزای توركی دەكات، نیزامێك كە كەمترین مافی نەتەوەیی‌و كلتوری ڕەوا نەبینیوە بۆ گەلی كورد، چیدی نازانم بۆ هەوڵ بدرێت ڕووی سپی بكرێتەوە، ئایا چی لەپشت ئەم پەردەوەیە ئێمە نایبینین، دەترسێم بەرگری لەبەرەی توركمانی بێت، كە ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتی توركییە لەسەر ئەرزی كوردستان، ماوەیەك لەمەوپێش پیتەر شولی ئەڵمانی كە ڕاوێژكاری سیاسییە لەئەڵمانیادا، لەدیمانەیەكدا ئاماژەی بەخەتەری ئەو هێزە توركییەو دەست تێوەردانی لەكاروباری كوردستان بەشێوەی داگیركردن كرد. لەكاتێكا كاكی كوردیش بەپێچەوانە دەپەیڤێ، پێدەچێت ئەو باشتر لەو حاڵەتە سیاسیە گەشتبێ وئاگادار بێت.

لەهەر بارو زروفێكدا بێت كورد دەگاتە ئامانجە نەتەوایەتییەكان بەشێوەیەكی كارامە، لەكاتێكدا دوژمنان چاویان بەو دەستكەوتانەدا هەڵنایەت كە ڕۆڵەكانی ئەم گەلە خەباتیان بۆ كردووەو لەپێناویدا بوونەتە قوربانی.

گەر ئێمە دڵسۆز بین بۆ خەڵكی ستەم دیدەی كوردستان، دەكرێت ڕەخنەمان هەبێتو كەمو كوڕییەكان دەست نیشان بكەین، ڕێگە چارەی دروست بدۆزینەوە تا وڵات بەرەو پێش بڕواتو ئاستی زانستی بەرز ڕابگرینو ئاگاداربین لەخەنجەری ژەهراوی كە لەپشتەوە لەم گەلەو ئەزموونەكەی ئەدرێت، بەناوی ئەم لایەنو ئەو حزبو ئەو ڕۆشنفكرەوە.

www.kurdistannet.org

من تێناگەم لە چ شوێنێکی دنیادا باو بووە کە ڕژێمی دیکتاتۆریو فاشی حوکمڕان بووبێت، مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پارێزراوەو فیدرالیەت بەرقەرار بووە، هەروەك ئاخاوتنەکەی کاکی بەڕێز، گەر وابوایە ئەوا ئەو دەوڵەتانەی پلەی یەکەمیان هەبووەو هەیە، تورکیاو عێراقو چیکۆسلۆڤاکو ڕەوەنداو. . تاد، دەبوو زۆربەی ئەم وڵاتانە زیاتر لەنەتەوەیەکیان تێدا ژیاوە ئازادبوونایە، بەڵام بەپێچەوانەی ڕای کاك برهان تێیدا زێتر چەوساونەتەوە.

پێدەچێت لەتێڕوانینی ئەو برادەرەوە سۆڤێتی کۆن. . بیری پێشکەوتنخواز دەشبهێنێ بەدیکتاتۆرو دیموکراتی دەکاتە دیکتاتۆری. گەر بۆچوونی ئەو برادەرە ڕاست بوایە ئەوا لەتەواوی دنیادا کێشەو ململانێو شەڕ نەدەماو ئاسوودەیی سەراپای بەشەریەتی دەگرتەوە. گەلی کوردیش پێش هەموو گەلانی دنیا بەمافە نەتەوایەتییەکانی دەگەیشتو ئەنفالو جینۆساید نەدەکرا.

کاك کەمالیش دەڵێت: (ڕۆشنبیر لەکوردستانی باشووردا نییە، لە فیدرالیەت بگات) ڕاست دەفەرموێت تەنها ئەو برادەرە، بەو کوردییە بەهێزە تێکەڵە لەوشەی بیانی تێدەگات، کە مرۆڤ بەئاسانی لەوشەکانی نەدەگەیشت، پێم وایە وەك فیدراڵیەتەکەی لەمەڕ خۆیەتی. . دەخوازم ئەو برادەرە دەورەیەك بکاتەوە بۆ ڕۆشنبیرانی کوردستانی باشور، تا لە فیدرالیەت بگەنو خۆیشی بچێتە دەورەیەکی زمانەوانی تا چێترو ڕونتر بپەیڤێت.

لەکۆتایدا بەهیوام کاك برهان بەویژدانەوە بڕوانێتە واقعی کوردستاون ئەو پێشکەوتنەی بەخۆیەوە بینیوە، لەماوەی ئەم یانزە ساڵەدا، لەکاتێکدا ئەو کەمە نەتەوانەی وەك تورکمانو ئاشوری. . کە لە کوردستاندان لەسایەی ئەم ئەزموونەوە شادن بە مافە رۆشنبیریو کلتورییەکانیانو ئازادی خۆیان هەیە، پێشنیارم ئەوەیە ئەو مافەی لێرە دەستەبەرە بۆ کەمەنەتەوایەتەییەکان، بدرێتە کوردەکانی باکور ئەوجا ستایشی کاك برهانو دەوڵەتی ئەجاوید دەکەین.

جارێکی دی دەمەوێت بڵێم لێدانی مسۆگەر بۆ عێراق لەئارادایە، بەڵام خەتەری جدی ڕووبەڕووی گەلانی ناوچەکەیە بەشەڕێکی درێژخایەن کە هەنگاوی یەکەم لەعێراقەوە دەست پێ دەکات، لەبەرنامەی ئەمریکادایە کە زێتر لە 60 دەوڵەت تیرۆریستن یان هاریکاری تیرۆر دەکەن، گەر هەریەکەیان ساڵێکی بوێ ئەوا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی 60 ساڵیان ئەوێت بۆ جەنگ، ئەوەی کە دەسەڵاتدارەو سودمەندە کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی دروستکردنی چەکن، زەرەرەکەشی بۆ گەلانی دنیایە، بەتایبەت گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کۆتایی یولی / 2002

هەولێر

www.kurdistannet.org